


# هونەر؛ ئایینی نوێی زۆربا

**سەعید سلێمانی**
**(کەرەج)**

هەر پیاوێک کە «زۆربای یۆنانی» دەخوێنێتەوە، لە خەیاڵدانی خۆیدا، خۆی لێ دەبێتە زۆربا، بەڵام ئەوەی کە چەندە تاکی ئێمە ژیانێکی زۆربابیانە دەژین، ئەوە مەسەلەیەکی ترە. مەبەست لە ژیانی زۆربابیانە هەوڵدان نییە بۆ وەدەست هێنانی ئەو چێژانەی کە زۆربا بە شوێنیانەوەیە، بەڵکو ئەو دید و جیهانبینییەیە کە زۆربا بۆ ژیان و کایە و دیاردەکانی ناوی هەیەتی، واتە سەیرکردنی ژیان لە دەلاقەیەکی زۆربابیانەوە و هەڵسەنگاندنی دیاردەکانی ناوی بە جیهانبینییەکی وەک ئەوەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ژیانی شاریانە و ڕۆنرانی ژیار و کۆمەڵگای مرۆڤانە، فەلسەفەی چێژ وەرگرتن لە ژیان سەرهەڵدەدات کە بە بۆچوونەکانی «ئەپیکۆر» لە یۆنانی کۆندا دەست پێدەکات و هەتا ئێستاش «ئەپیکۆریزم» وەک ڕێبازێکی فەلسەفی سەیرکردنی ژیان و وەک شێوەیەک لە بەڕێ کردنی ژیان کە بنەماکەی لەسەر چێژ وەرگرتن و خۆ بەدوورگرتن لە خەم و دڵتەنگی ڕۆنرابێت، دێتە بەرچاو. دواجاریش ئەم ڕەوتە لە فەرهەنگی ئێرانیدا، ئاخێزگەیەک دەدۆزێتەوە کە ئەویش بۆچوونەکانی «خەیام»ی شاعیرە کە گرینگی تەواو بە خۆش ڕابوێری و گوێ نەدان بە کایە ناخۆشەکانی ژیان دەدات، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مرۆڤی ئەمڕۆ پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و ئەستەمە بتوانێت هەروەک ئەپیکۆر، یان خەیام خۆی بە دەست ژیانەوە بدات.

هەر مرۆڤێکی بەهەڵوێست – هەڵوێست لە هەمبەر ژیان – کاتێک دێتە ئەم دنیایە، دواجار دەبێ بڕیار بدات کە بژیت، یان نا ؟ ئەگەر بژی بۆچی؟ لە جیهانبینی مرۆڤی ئەمڕۆییدا و لە کاتێکدا کە زۆربەی بنەما میتافیزیکییەکانی جیهان و بوون و ژیان، واتای جارانیان نەماوە و ژیان و بوونی مرۆڤی ئەمڕۆیی پێی ناوەتە ناو دۆخێکی بێ هۆکارەوە، بێ گومان درێژەدان بە ژیان تەنیا دەبێ یەک هۆکاری هەبێت کە ئەویش چێژی ژیانە، واتە ژیان بۆ ئەوەی کە چێژ وەرگریت، بەڵام ئەوەی کە چێژ چییە؟ ئەمە لە پێناسەی هەر تاکێکدا واتایەکی جیاواز وەردەگرێت و هیچ سەیر نییە کە

مرۆڤێک چێژ لە بەستێنی ئازاردا بدۆزێتەوە.

لەم قۆناغە هەستیارەی ئەمڕۆدا کە هەموو دیاردە و بایەخەکان پێناسەی خۆیان گۆڕیوە، زۆربا - هەروەک پەیامبەرێک - سەرهەڵدەدات. زۆربا کەسێکە سەرەڕای تەواوی نەهامەتییەکانی ژیان و سەرەڕای تەواوی شتە چێژبەخشەکانی دی، هیچ کات سەنتوورەکەی لە خۆی دوور ناخاتەوە، هەربۆیەش یەکێک لەو چێژانەی کە ئەو لە ژیاندا دۆزیویەتییەوە و قەت لێی دانابڕێ، هونەرە، واتە درێژەدان بە ژیان بەو هۆیەوە کە هونەر لە پانتایی ژیاندا بوونی هەیە، هەربۆیەش زۆربا لە یەک کاتدا هەم ئەپیکۆرە و هەم خەیام و هەم پەیامبەرێک کە هونەر یەکێک لە ڕەهەندە دانەبڕاوەکانی ژیانیەتی. ڕاسپاردەی زۆربا بۆ مرۆڤی سەردەم بەئایین کردنی هونەرە، واتە لێ ستاندنەوەی پێناسە لە تەواوی چەمکە لەکارکەوتووە هاوشێوەکانی دیکە و بەخشینی ئەو پێناسەیە بە هونەر و بەناوەندکردنی لە چەقی ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆییدا. ئەو تەنانەت لە سەرەمەرگیشدا تەنیا یەک وەسیەت دەکات کە ئەویش لەمەڕ چارەنووسی هونەرەوەیە.

بۆ منی کوردیش مەرگ بە مانای ئەوەیە کە جارێکی تر ناتوانم شیعرێکی سوارە ئێلخانیزادە، یان هێمنی موکریانی و یانیس ڕیتسۆس و ئێریش فرید بخوێنمەوە و جارێکی تر ناتوانم گوێ لە گۆرانییەکی مەزهەری خالیقی، یان محەمەد شێخۆ بگرمەوە و جارێکی دیکە توانایی دیتنی فیلمی نۆڤەچێنتۆ و ڕامان لە تابلۆیەکی هادی زیائەددینی، یان فرانسیس بیکۆنم نامێنێ، یان جارێکی تر ناتوانم لەگەڵ پاییزی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکانی شێرزاد حەسەن هەنسک بدەم. لە تەواوی ئەوانەش گرینگتر، تەنانەت لە بەزمی شادی ئازیزێکمدا ناتوانم - هەروەک زۆربا - بکەومە سەما و چۆپی بکێشم، هەربۆیەش ئەوەی کە هونەر لە ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆییدا دەیکات، نە بە ئایدیۆلۆژیای ئایینی دەکرێت و نە بە جەزبەی عیرفان و نە بە دیالکتیکی گوتاری چەپ و نە بە دەمامکە ڕەنگاوڕەنگەکانی کۆمەڵگای بەکارهێنەری سەرمایەداری.

زۆربا لە دوا وەسیەتیدا بۆ «گەورە»ی، سەنتوورەکە بە ئەو دەبەخشێت و داوای لێ دەکات کە بێت و بیبات. ئەم داوا و وەسیەتەی زۆربا هەڵگری پەمامێکی گرینگە ئەویش ئەوەیە کە ژیان بە بێ هونەر پانتاییەکی بۆش و چۆڵەوانییەکی بێ سنوورە، چونکە ئەرکی ئەو قەتیس کردنی جوانی، چێژ و ئازادی لە چرکەدایە. بۆ ئەو هەر چرکەیەک کە هەڵگری ئەو تایبەتمەندیانە نەبێت، بەشێک نییە لە ژیان، هەربۆیە زۆربا هەرکات لە تەنگەبەراییەکی ژیاندا گیر دەکات، تەنیا هونەرە کە ڕزگاری دەکات، هەڵبەت ڕزگاری نەک بە واتای شادکردن، بەڵکو بە مانای ئازادی لە هەر کۆت و بەندێک. بە واتای خەمبارکردن تا سەر ئێسقان، بەڵام خەمبارییەک بە مەرجی ئازادی. دەرەنجامی ڕاستەقینەی هونەریش هەر ئەم دەرکەوتەیە: خەم و ئازادی!

لە ڕۆژگارێکدا کە هەموو پێوەندییەکان لەسەر بەستێنێکی بەرژەوەندخوازانە و هەموو دیاردەکان لەسەر بنەمای سەرمایە و «شت» بنیاد نراون و پێناسەی مرۆڤ بە پێناسەی شتەکانی دەوروبەری بەستراوەتەوە، بوونی مرۆڤانە خەریکە لە ناو بوونی شاڵاوی بایەخی شتەکاندا ڕەنگی خۆی دەدۆڕێنێ، ژیانی زۆربایی زیاتر لە خەونێکی دوورەدەست و لە خولیایەکی کاڵفامانە دەچێت، بەڵام وا وێ دەچێت ئەو چەمکەی کە دواجار براوەی ژیانە، دیتنی خەونێکی زۆربابییانەیە بە ژیانەوە!